www.kurdistannet.org
5-10-2006 23:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەسەڵاتێکی بچوک و دوژمنێکی زۆر ... جەمال فەتاح

لەدوای نەمانی ئیماراتە کانی کورد و دوای نیمچە دەسەڵاتی شێخی نەمر، ئەوە لەدوای ڕاپەڕینی شۆڕشگێرانەی باشوری کوردستانەوە کورد توانیویەتی ئەو دەسەڵاتە بچوکە سەرەتا تەنها بە پشتیوانی خودی کورد فەراهەم بێنن.

ئەودەسەڵاتە نەک ژێرخانی ئابوری وگشت ژێر خانە کانیتری وەک وڵاتێکی شەڕ لێدراو ڕووخابوو بەڵکو زۆر لەژێرخانەکانی لەبنەڕەتدا هەر نەبوون وەک ژێرخانی دەوڵەت، چونکە دەوڵەت نەبوو وە هەموبناغەکانی ئەو قەوارە بچوکەش لەهیچەوە دەستی پێکراوە و بەهەوڵ وماندووبوونێکی زۆر و تاقەت بەزێن سەرەڕای دوژمنایەتی لەڕادەبەدەری گشت دوژمنانی نەتەوەکەمان بەگشتی تاکوگەیەنراوەتە ئەو ئاستەی ئێستا.

دیارە ئەوەی شارەزای لەئیدارەی نێودەوڵەتی هەبێت باش ئەزانێت کە تاکە دوژمنێک زۆرە بۆئیدارەی دەوڵەت لەکاتێکدا ئەوقەوارە بچوکەی کوردستان چواردەوڵەتی خاوەن سەرمایەو بەهێز بەشێوەی ڕاستەوخۆو چەندینی تریش ناڕاستەوخۆ دژایەتی ئەکەن، وەکو کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی و ڕەگەز پەرستی هەرسێ نەتەوەی تورک وعەرەب و فارس ڕاستەو خۆو بەهەمو هێزو توانایان دژایەتی ئەوقەوارە بچوکەی کوردستان ئەکەن.

ئەبێت هەمو کورد ئەو ڕاستییەش باش بزانێت شەڕەتیرۆر لەئێراقدا کە ئەوە زیاتر لە سێ ساڵە درێژەی هەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توند تر ئەبێت وە وڵاتانی جیرانی ئێراق ئەو شەڕە ئەیگەشێننەوەو درێژەی پێئەدەن چەندە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمانە دوهێندەی دژی کورد وقەوارەی باشوری کوردستانە، وەئەگەر کورد لەئێراقدا نەبوایە باهەمومان دڵنیابین هەمو عەرەب و هەمووڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەسنگی فراوانەوە پشتگیری لەدەوڵەتی تازەی ئێراق ئەکردو هیچ کێشەیەکیشیان بۆدروست نەئەکرد؟!.

کورد جگەلە هەندێک کەسایەتی و هندێک وڵاتی خاوەن ویژدان ئەویش بەو دواییە ئەیانەوێت ئاوڕ لەکورد بدەنەوە ئیتر کەس دۆستی کورد نییە؟!.

کەوایە کورد سەرەڕای ئەو هەمو دوژمنە بەهێزو فراوانە تەنها خۆی دۆستی خۆیەتی.

ئەی ئەگەر خۆشمان ببین بەدوژمنی خۆمان وقەوارەکەمان؟! ئیتر جیاوازی ئەوکەسانەی کەکوردن و دژی قەوارەی کوردن لەگەل شۆڤێنییەت وکۆنەپەرستی دوژمنانی نەتەوەی کورددا چییە؟!، بێگومان هیچ.

هەستی نەتەوەیی وئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و ناسینی دوژمنان وهەستکردن بەمەترسییەکانی دوژمنانی نەتەوەی کورد و ئەرکی سەر شانی نەتەوایەتیمان کۆمەڵە زانستێکن هەر هیچ نەبێت ئەگەر هەموکوردیش نەیزانێت پێویستە ڕووناکبیرانی کورد بیزانن، بۆئەوەی سەر لە چین وتوێژەکانی تری گەل تێکنەدەن تاکو لەباتی پشتگیری و پاراستنی نەبنە دوژمنی دەسەڵاتی کورد؟!، کەچی زۆر بەداخەوە هندێک لە بەناو ڕووناک بیرانی کورد لەپێناوی دەستکەوتی هیچ وچروک وکاتیدا بەهەموهێزیان دژایەتی ئەو دەسەڵاتەی باشوری کوردستان ئەکەن لەبن ناوی نەبوونی ئاو یان کارەبا یان بەنزین یان هندێک شتی لابەلاو دور لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد، کەئەوشتە چروک وردانەش گەمارۆی ئابووریە ودوژمنانی کورد و قەوارەکەی سەپاندوویانەو دروستیان کردووە، ئەوانە وهەموکێشەکانیتریش کۆسپ ولەمپەرن و دوژمنان بۆ دژی کورد دروستیانکردووە، ئیتر بۆچی بەناو ڕووناک بیران بێن وئەوکێشانە لەخۆیان لەجەماوەری گەلەکەمان گەورەبکەن وبیکەنەملی دەسەڵاتی

کوردستان، بەبێ ئەوەی لەسەرچاوەی کێشەکان بکۆڵنەوەو بۆجەماوەری ڕوونبکەنەوە، ئەمەش بەدیدی من هەڵەیەو هەڵەش نابێت ڕووناکبیرانبیکەن، پێشینانیش وتویانە نابێت بۆدەستە سرێک قەیسەرییەک بسوتێنیت؟!.

پێویستە هەمووومان ئەوڕاستییە باش بزانین کە نەمانی ئەو قەوارەی باشوری کوردستان نەمانی هەموکوردە، سەرکەوتنیشی سەرکەوتنی هەمووکوردە، بۆیە تەشەرو تانەدان ودژایەتی کردنی قەوارەی کوردستان دژایەتی کردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەمووکوردە، بۆیە دژایەتی کردنی بۆکورد دەبێت حەرام بێت.

پێویستە ئەوکەسانەی کە بەچاوی نەیار ئەڕواننە تاکەدەسەڵاتی کورد چاوێک بە ناوچەکەو جیهانیشدا بگێڕن بزانن کام نەتەوە دژی دەسەڵاتی خۆیەتی، لەهەمو جیهاندا جگەلە پشتگیری لەسەرانسەری جیهاندا تاکە یەهودییەک نابینی بەخراپە باسی دەسەڵاتی ئیسرائیل بکات، لە شانشینی بەریتانیاو هەر چوار دەسەڵاتی ئەمریکاو کەنەداو ئوستралیاو نیوزلەندا نابینی ئینگلیزێک بە خراپ باسی یەکێک لەو دەسەڵاتانەی بکات، هەمودەوڵەتەکانی جیهان بەورد ودرشتیانەوە گەلانی وڵاتەکانیان هەمو بەدەسەڵات ودەوڵەتی خۆیانی ئەزانن، دیارە ئەمە خوی عەرەب و گەلانی دواکەوتوو وبەربەری ناوچەکەیە کە ئەو بەنا ڕووناکبیرانە گرتوویانە، دەنا بێگومان دژایەتی کردنی دەسەڵاتی نەتەوەکەی خۆت خیانەتی گەورەیە کەمرۆڤ بیکات، بەتایبەتی دەسەڵاتی کوردستانیش کە کورد نەتەوەیەکی چل ملیۆنییەو تاکوئێستا لەسەرەتاییترین ماف بێبەش بووە ودوژمنانی یەکجار نەزان ودڕندەمان هەیە کە بۆسەربڕینی هەموکورد و مافەڕەواکانی هێچکات سڵیان لەهیچ یاسایەک نەکردووەتەوە.

ئەو بەناو ڕووناکبیرانە کە بەئاشکرا دژایەتی قەوارەی باشوری کوردستان وسەرکردایەتی ڕامیاری باشوری کوردستان ئەکەن لەبن ناوی جیاجیا دا ئیتر هەیانە ئەندامی پارت ولایەنێکی بچوکەو لایەنەکەی هیچ پێگەیەکی جەماوەری نییەو ئەیەوێت لەڕێگای شکاندن ولێکەمکردنەوەی ڕۆڵی لایەنە شۆڕش گێڕەکانی کوردستان بەتایبەتی پ. د. ک و ی. ن. ک. وە پێگەی جەماوەری بۆخۆیان دروستبکەن بۆیە ئەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوەو هەست ومەشاعیری لاوانی کەم ئەزموونی کوردستانی پێ تێکبدەن؟!، هندێکیتشیان سایکۆلۆژیان تێکچووەو واڕاهاتوون ئەبێت دژی دەسەڵات بن ئەمەش نەخۆشینە نەک هونەر، هەندێکیشیان کێبەرکێی دەسەڵات ئەکەن وچنگیان ناکەوێت، ئەبێت هندێکیشیان دەستی دوژمنانی نەتەوەی کورد بن؟!، ئەوەش وامان لێئەکات وەکو دوژمنی نەتەوەی کورد تەماشای ئەوکەسانە بکەین تەنها ڕاوبۆچون و نووسینەکانیانە کە لەئاستی ڕەخنەو سەرنجی دۆستانەو دروستکەرانە وکوردانە دەرچوون وسنورەکانی دوژمنایوەتیشیان بەزاندووە.

هیوادارم لاوانی خوێنگەرم تەنهاوتەنها بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەیان بکەنە کەشکۆڵ ولەبەری بکەن وبەوتەی کەسانی دژەگەل وگێرەشێوێن بەشەوارەنەکەون؟!.

2006/10/4

لەندەن